

# سەلیم مەلاخ دەبێتە ڕاهێنەری یانەی زاخۆ

دوای دەست لەكاركێشانەوەی ســـلێمان ڕەمەزانی راهێنەری پێشووی یانەی زاخۆ بەهۆی بەدەست نەهێنانی ئەنجامی شایستە لە دە یاری رابردووی خولی نایابی یانەكانی كوردستان، ڕاهێنەری ناوبراو بڕیاری دا دەستی لە مەشـــقی یانەی زاخۆ بكێشتەوە، لەمبارەشەوە دەستەی كارگێڕی یانەی زاخۆ بۆشوێن گرتنەوەی سلێمان ڕەمەزانی ڕاهێنەری پێشووی یانەكە گرێبەستێكی لەگەڵ ڕاهێنەری بە ئەزموونی شاری بەغدا ســـەلیم مەلاخ ئیمزا كرد. بەمەبەستی باشـــتر بوونی ئاستی تیپی تۆپی پێ لە خولی نایابی كوردســـتان ئەم ڕاهێنەریان دەســـت نیشانكردووە،لەم بارەشـــەوە (سەربەست عەلی) لە راگەیاندنی یانەی زاخۆ بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «دوای دەست لەكاركێشانەوەی سلێمان ڕەمەزان دەستەی كارگێڕی یانەكەمان بەفەرمی سەلیم مەلاخی بە ڕاهێنەری یانەی زاخۆ دەستنیشان كرد لە خولی كوردستان كە پێشتر ئێمە گرێبەســـتێكمان بە بڕی ٤٠ملیۆن دینار و موچەی مانگانەی یەك ملیۆن دینار بۆتیپی لاوانی یانەكەمان لەگەڵی مۆركردبوو، بەڵام لە ئێســـتادا بە فەرمی سەرپەرشـــتی تیپی خولی نایابی كوردستان دەكات وەكو ڕاهێنەر گوتیشـــی بەهۆی خراپی ئاســـتمان لەم چەند یارییەی رابردوودا، بۆیە ســـلێمان ڕەمەزان ئەم بڕیارەی داوە ئێستاش هەوڵ دەدەین یانەكەمان بگاتەوە لوتكەی یانەكان.

# زاخۆ.. جامی سوپەری باسـ

لـــە شـــاری هەولێر لـــە هۆڵی یانەی ئـــەكاد بە ئامادەبوونـــی چەندیـــن بەرپەرســـی وەرزشـــی و هاندەرێكی زۆری وەرزش دۆستی ئارەزوومەندی ئەم یارییە، لە هۆڵی یانەی ئەكاد بۆیەكەمجار یەكێتی تۆپی باســـكەی كوردستان، هەڵسا بە ئەنجامدانی یاری سوپەری باسكەی كوردستان، لەنێوان هەردوو یانەی خاوەن پلەكانی یەكەم ودووەمی خولی نایابی كوردســـتان لـــە وەرزی رابردوو دا، لەم یاریەشـــدا یاریزانانی هەردوو یانەكە ئاستێكی یەكجار بەرزی یاری تۆپی باسكەیان پێشكەشی ئامادەبووان كرد. بـــە درێژایی یارییەكـــەش یاریزانانی هەردوو لا لە ئاســـت و ئەنجام وەكو یەك بوون. ســـەرەنجامیش دووجار بەهۆی یەكسانی ژمارەی خالەكانیان پەنا برایە بەر ٥خولەكی زیادكراو لە ئەنجامی كۆتایشدا یاریزانانی یانەی زاخۆ توانیان هەلەكان بقۆزنەوە و، یارییەكەش لەبەرژەوەندی خۆیان كۆتایی پێبهێنن، بە ئەنجامـــی (٨٦-٨١)خاڵ یارییەكەیان بردەوە بۆ یەكەمجار لەمێژووی یانەكە بوونە پاڵەوانی جامی سوپەری كوردستان.



لە بارەی ئەم یارییە كە بۆ یەكمجارە لە یەكێتی تۆپی باسكەی كوردستان ئەم ئەنجام دەدرێت، عەبدولعەزیز جەوهەر ئەندامی یەكێتی ناوەندی تۆپی باســـكەی كوردســـتان بۆفایلی وەرزشـــی گوڵان دوا و گوتی «ئێمە وەكو یەكێتـــی ناوەندی باســـكەی كوردستان بەپێی بەرنامەی ساڵانەی خۆمان بڕیارمانداوە هەموو ساڵێك پێـــش دەســـتپێكردنی وەرزی نوێـــی خولی باســـكەی یانەكانی كوردستان یارییەك ئەنجام بدەین، كە بەیاری ســـوپەری كوردستان ناودەبرێت بۆهەردوو یانەكە، كە خاوەنی پلەكانـــی یەكەم ودووەم بوونە لە ســـاڵی ڕابردوودا، بە یاری دەست پێكی خولی نوێ دادەنرێـــت، ئامانجمـــان لەم یارییە دەســـت پێكردنی ڕێوڕەســـمی خولەكەیە، هەروەك دەزانن ئەمســـاڵیش هـــەردوو یانەی زاخۆ و دهـــۆك بەهێزترین یانەكانی كوردســـتان بوونـــە لـــە وەرزی رابـــردوودا، ئێمەش ئامادەكاری تەواومان ئەنجامدابوو بۆ ئەم یارییە، لەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە بەدرێژایی یارییەكە ئاســـتێكی بەرزیان پێشـــكەش كرد كە بووە مایەی دڵخۆشی بۆئێمە كە ساڵ بە ساڵ خولەكەمان بەهێزی بەخۆیەوە دەبینێ.

ماجـــد نعمـــە ڕاهێنەری یانەی زاخۆ لـــە بارەی





# خولی نێودەوڵەتی ڕاهێنەرانی باڵە سبەی کۆتایی دێت

دوای ئـــەوەی یەکێتی ناوەندی تۆپی باڵـــەی عێراقی بە هاوکاری یەکێتیی باڵەی عەرەبی سەرپەرشـــتی خولی نێودەوڵەتی باڵەیان لە هەولێری پایتەخت لە هۆڵی داخراوی سەنتەری بلو دەکرد کە ٣٠ڕاهێنەری کوردستان و عێراقی بەشدارییان تێدا کرد لە خولێکی بەهێزکردنی ئاست و توانای زانیاری ڕاهێنەرانی یاری باڵە، ئامانج لە کردنەوەی ئەم خولەش کە بەهەردوو شـــێوازی تیۆری و پراکتیکی ڕۆژانە بەڕێـــوە دەچو و ماوەی ١٢ڕۆژی خایاند، ئاگاداربوونی ڕاهێنەرانی کوردســـتان و عێراقە لە ڕینمایی و گۆڕانکارییەکانی یاساکانی ئـــەم یارییە، ڕۆژانەش وانەکان لەلایەن هەریەك لـــە وانەبێژانی بە ئەزموونی یاری باڵە (ئەتاشـــی ژاپۆنی، ئەحمەدیوســـفی بەحرێنـــی و زوهێرعەماری میسری )وانەکان پێشکەشی بەشـــداربوانی خولەکە دەکرا، موئەیەد مەغدید سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی باڵەی عێراقی ئەوەی ئاشکرا کرد،کە ئەمە دووەمجارە خولێکی لـــەم جۆرە لە مێژووی وڵاتی عێراق دەکرێتەوە، خولێکی پڕبایەخـــە بۆ ڕاهێنەرانی ئەم یارییە خولەکەش نیۆدەوڵەتییە، بەشـــداریبووان بڕوانامەی پلە ٢ی نیۆدەوڵەتییان لە یاری باڵە پێ دەدرێت، گوتیشـــی ئێمە لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی یاری باڵە لە گشت شـــارەکانی عێراق بۆ ئەوەی ئەم یارییە پەرەی زیاتری پێ بدرێت لە گشـــت ڕوویەکدا. شایەنی باسە بەشـــداربووانی خولەکەش لەلایەن خۆیانەوە سوپاسی یەکێتیی تۆپی باڵەی عێراقیان کرد،جێگای ئاماژە پێ کردنە بڕیارە ســـبەی سێ شەمە کۆتایی بەم خولە نیۆدەوڵتیە بێت و تاقی کردنەوەش بۆ بەشداربووان ئەنجام بدرێت.

# ـــــــکەی کـوردستانی بردەوە

یارییەکە بۆگۆڤاری گوڵان گوتی «بەڕاستی ئەم یارییە یەکەمجارە لە خولی کوردســـتان دەکرێت کە جامی ســـوپەرە، یاریزانانی ئێمە هەمووی کوردن و خەڵکی دهـــۆك وز اخۆن و ئێمەش بۆئەم یارییە ئامادەکاری باشـــمان کردبوو دەســـتەی کارگێڕی یانەی زاخۆ هـــاوکاری تەواومان دەکات، بۆئەوەی ئەنجامی بەرچاو پێشـــکەش بکەین و ئەنجامان هەبێت لە خولی کوردســـتان،لە یاری ســـوپەریش یارییەکی بەهێزمان ئەنجامدا بە پاڵپشـــتی یاریزانە لاوەکانمان توانیمان ئاســـتێکی شایســـتە پێشکەش بکەیـــن، هـــەر لە ســـەرەتایی یارییەکـــە ئێمە بە ناوی ســـەرکەوتن بۆئەم یارییە هاتبووین و یانەی د هۆ کیش یانەیەکـــی بەهێزە، خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزە ئاستی



ئەوانیـــش لە ئێمەنزیك بوو،بـــەڵام یاریزانانی ئێمە بە شـــێوەیەکی باش هەڵس و کەوتێکی باشـــیان لەگەڵ ئەم یارییە کردو توانیمان بۆ یەکەمجار ببینە پاڵەوانی جامی سوپەری کوردستان.

حەمزەعوبێـــد ڕاهێنەری یانەی دهـــۆك لەم بارەیەوە گوتی «ئاستی ئەم یارییە زۆر بەرز بوو،یانەی دهۆك یەکێکە لە یانە بەتواناکان لەســـەر ئاستی عێراق، بە یاریزانانی خۆمان بەشداری ئەم یارییەمان کردو توانیمان ئاستێکی بـــەرز لـــە یا رییە کـــە پێشکەش بکەین، لە زۆربەی کاتی یارییەکە ئاستمان لێـــك نزیك بوو، بەڵام دواتـــر نەمانتوانی ئەنجامەکە بۆخۆمان یـــەك لایی بکەینەوە، هەرچەندە ئاســـتی یاریزانەکانیشـــمان زۆر باشـــە و جێگای دڵخۆشییە سوپاســـی یاریزانان و دەســـتەی کارگێڕی دەکەم کە هەموومان هاوکاری یەکترین.

جگەر خوێن عەلی یاریزانی زاخۆ گوتی «لەم یارییەدا ئاستێکی بەرزمان پێشـــکەش کردو یانەی دهۆکیش یانەیەکی بەهێـــزە وەکو ئێمە تـــەواوی یاریزانەکانی گەنجن، یارییەکەش بەگشتی ئاستێکی بەرزی هەبوو، بەمانـــای بەهێزی ناوەکەی لە خۆی بوو، کە جامی سوپەر بوو، توانیمان بەهیممەتی یاریزانان و ڕاهێنەران ئەم جامـــە ببەینەوە هەوڵ بۆ ئەنجامی باشـــتریش دەدەین. جێگای ئاماژە پێکردنە یاریزانانی یانەی زاخۆ لەلایەن بەرپرسانی شـــاری زاخۆ و هاندەرانەوە پێشـــوازی گەرمیان لـــێ کرا.



# کتێبەکەی زلاتان بازاڕی هەژاند






کتێبی (( من زلاتانم )) کە باس لە ژیانی ئەستێرەی سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دەکات، لەدوای دابەزینی بۆ بازاڕەکانی وڵاتی سوید زۆرترین ڕێژەی فرۆشتنی تۆمار کردووە و لەماوەی چەند کاتژمێرێك زیاتر لە ١٠٠ هەزار دانەی لێ فرۆشراوە.
ئەلبێرت بۆنێر کەمافی چاپکردنی کتێبەکەی هەیە دووپاتی کردەوە لە ماوەی چەند ڕۆژێك بەرگی دووەمی کتێبەکە چاپ دەکات دوای ئەو سەرکەوتنە بێ وێنەیەی کە چاپی یەکەم تۆماری کرد، لەمبارەیەوە ناوبراو گوتی : لە ژیانمدا نەمبینیوە ئەم ژمارە زۆرەی کتێبێك بەم ماوە کورتە بفرۆشرێت، ئێمە پێشبینی سەرکەوتنی کتێبەکەمان دەکرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێژەی فرۆشتنەکە بەم شێوەیە نەبوو کە پێشبینیمان دەکرد.
شایەنی باسە هەندێك لە بەشەکانی ئەم کتێبە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە بەتایبەتی پەیوەندی یاریزان زلاتان بە ڕاهێنەر گواردیۆلا و ژیانی لە یانەی بەرشلۆنە و لە یانەی ئینتەر و پەیوەندی بە ڕاهێنەر مۆرینهۆ، هەر ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی ڕێژەی فرۆشتنی کتێبەکە زۆر بەرز بێتەوە .



# ڕۆجەر فیدرەر بووە پاڵەوانی پاریس پرێسی

ئەستێرەی تێنسی سەر زەوی سویسری ڕۆجەر فیدرەر نازناوی پاڵەوانییەتی پاریس پرێسی بەدەست هێنا کە دوا پاڵەوانیەیتی ماستەرزە بۆ ساڵی ٢٠١١، فیدرەر لە یاری کۆتایی ڕووبەڕووی یاریزانی فەڕەنسی جۆ ویلفەرد تسونگا بۆوە، فیدرەر ئاستێکی هونەری بەرزی پێشکەش کرد و یارییەکەی بەئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکان ((٦-١، ٧-٦ )) بوو، یارییەکەش ٨١ خولەکی خایاند .
ئەوە نازناوی ژمارە ٦٩ بۆ یاریزان فیدرەر لە ژیانی وەرزشیدا تۆمار کرد، لەوکاتەی نازناوی ژمارە ١٨ لە پاڵەوانەتییەکانی ماستەرز تۆمار کردبوو،، فیدرەر سەرکەوتنی ژمارە ٨٠٠ ی لە ژیانی وەرزشیدا تۆمار کرد کە ئەوەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە، بەڵام زۆر دوورە لە ژمارەی پێوانەیی یاریزانی ئەمەریکی جیمی کۆنەرز کە خاوەن ١٢٤١ سەرکەوتنە.

# فالکاو بەهیوای یاریکردنە بەرامبەر ڕیاڵ

هێرشبەری هەڵبژاردەی کۆڵۆمبیا رادمیل فالکاو ئەستێرەی یانەی ئەتڵەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی هیوای ئەوەی خواست زوو لە پێکانەکەی چاکبێتەوە و بتوانێت بەشداری لەیاری دێربی مەدرید بکات، کە لەنێوان هەردوو یانەی ریاڵ مەدرید و ئەتڵەتیکۆ مەدرید لە ٢٦ی ئەم مانگە لە یاریگای سانتیاگۆ بەرنابیۆ بەڕێوە دەچێت.
فالکاو پێش ئەنجامدانی یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤لە مەشقەکانی هەڵبژاردەی کۆڵۆمبیا تووشی پێکان هات بەرامبەر هەڵبژاردەکانی ڤەنزوێلا و ئەرژەنتین، لەدوای گەڕانەوەی بۆ شاری مەدرید ڕاپۆرتێکی پزیشکانی کۆڵۆمبیای پێشکەش بە پزیشکانی یانەکەی کرد و هیوای ئەوەی خواست کە قۆناغەکانی چاکبوونەوەی بەباشترین شێوە بڕوات و زوو بگەڕێتەوە یاریکردن بۆ بەشداریکردن لەیاری دێربی مەدرید.
فالکاو دەربارەی بارودۆخی یانەکەی لە خولی ئیسپانیا و پێکانکەی دووپاتی کردەوە کە زۆر دڵتەنگە لەکاتی ئەم پێکانە و هیوای ئەوەی خواست یانەی ئەتڵەتیکۆ لەیارییەکانی داهاتوو باشتر یاری بکات.

# مۆرینهۆ بڕیاری داوە بۆند لەگەڵ یاریزانی بەرازیلی مۆر نەکات



ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی وڵاتی ئیسپانیا ئەوەیان ئاشکرا کرد جۆزێ مۆرینهۆ ڕاهێنەری یانەی ڕیاڵ مەدرید بڕیاری داوە بۆند لەگەڵ هیچ یاریزانێکی بەرازیلی مۆر نەکات دوای ئەوەی یانەی شاهانە نەیتوانی بۆند لەگەڵ یاریزانی یانەی سانتۆس و هەڵبژاردەی بەرازیل نیمار دا سیلڤا مۆر بکات .

ڕۆژنامـــەی مارکای مەدریدی ڕایگەیاند، مۆرینهۆ زۆر تووڕە بووە بەهۆی هەوڵەکانی یانەی ڕیال مەدرید کە بۆند لەگەڵ نیمار مۆر بکەن لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو، لەو کاتەی یاریزانی ناوبراو هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ یارمەتیدانی یانەی ڕیاڵ مەدرید لە تەواو کردنی ئەم بۆندە، دواتر نیمار دوور لە چاوەڕوانییەکان بۆندەکەی لەگەڵ یانەی سانتۆس تا ساڵی ٢٠١٤ درێژ کردەوە.

وا چاوەڕوان دەکرا نیماری تەمەن ١٩ ســاڵ لە سەری ساڵی ٢٠١٢ بۆندێك لەگەڵ یانەی ڕیاڵ مەدرید مۆر بکات بەتایبەتی دوای بەشـــداربوونی لە مۆندیالی یانەکان لەگەڵ یانەی سانتۆسدا، بەڵام یانەی سانتۆس بۆندەکەی درێژ کردەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی نرخی ئەو یاریزانە .

شــایەنی باسە خاتوو دیلما ڕۆسیف ســەرۆکی بەرازیل بەشێوەیەکی تایبەت داوای لە بانکی ناوەندی بەرازیل کرد قەرزێك بەبڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەکە بۆ درێژ کردنەوەی بۆندی نیمار و مووچەکەی بەرز بکرێتەوە بۆ زیاتر لە ٧ ملیۆن یۆرۆ لە ســاڵێکدا، چونکە ئەم یاریزانە ســامانێکی نیشـــتمانییە و پێویستە پارێزگاری لێبکرێت بە تایبەتی بۆ مۆندیالی ٢٠١٤ کە لە وڵاتی بەرازیل ئەنجام دەدرێت .



# براندیلی: بالۆتێلی دەبێتە ئەفسانەی ئیتاڵیا

ڕاهێنەری هەڵبــژاردەی ئیتاڵیا ســـیزاری براندیلی ئەوەی بەدوور نەزانی کە یاریزانی لاو ماریۆ بالۆتێلی ئەستێرەی یانەی مانچســـتەر سیتی ببێتە ئەفسانەی یەکەمی تۆپی پێی ئیتاڵیا لە داهاتوودا.

براندیلی دووپاتی کردەوە کە بەهیچ شـــێوەیەك سەرسام نەبوو بەو ئاســـتە بەرزەی کە بالۆتێلی پێشکەشی کرد لە یارییە دۆستانەکەی ئیتاڵیا بەرامبەر پۆڵەندا، کە گۆڵێکی تۆمار کرد و گوتـــی : ئەگەر لەنزیکەوە ئاگاداری ناخی یاریزان بالۆتێلی بیت و شـــارەزای ئاست بەرزی و بەهێزی بیت ئەوە دەزانی کە ئەو ئاســـتەی پێشکەشـــی کرد ئاستی ئەستێرەیەك بوو .

هەروەهـــا براندیلی گوتـــی : هەموو ئـــەو ڕەخنانەی کە ئاراســـتەی بالۆتێلی کرا وای لەم یاریزانە کرد کە زیاتر لە یاری تۆپی پێ بکات، هەروەها ڕۆڵی ڕاهێنەر مانشینی و ئـــەو کارەی کە ئەنجامـــی داوە زۆر گرنگ بووە، من پێموایە کە ئەم یاریزانە لە داهاتوو دەبێتە ئەفسانەی یەکەم لەمێژووی تۆپی پێی ئیتاڵیادا.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# شەش هەڵبژادە سەرکەوتنیان بۆ قۆناغی کۆتایی یارییەکانی پـــ

**هەفتەی رابـــردوو یارییەکانی جەولەی ســـێیەمی دووەمی قۆناغـــی دووەمـــی پاڵاوتن بـــۆ جامی جیهانـــی ٢٠١٤ کیشوەری ئاســـیا بەڕێوەچوو، کـــە تیایـــیدا ٦ هەڵبژاردەی بلیتـــی ســـەرکەوتنیان بـــۆ قۆناغی چوارەمی ئەم پاڵاوتنە مســـۆگەر کـــردووە، ئەمەی خوارەوەش ریزبەند و خشـــتەی کۆمەڵەکانە.**

### کۆمەڵەی یەکەم

لەم کۆمەڵەیـــە هەردوو هەڵبـــژاردەی عێراق و ئـــوردن بەفەرمی ســـەرکەوتن بۆ قۆناغی کۆتایی دوای ئـــەوەی هەڵبژاردەی عێراق لە دەرەوەی یاریگەی خۆی توانی سەرکەوتنێکی گـــەورە تۆمار بکات و بـــە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئوردن بباتەوە، لە لایەکی ترەوە هەڵبژاردەی چیـــن بەفەرمی ماڵئاوایی لەم پاڵەوانێتییە کرد هـــەر چەندە هەڵبژاردەی چین ســـەرکەوتنێکی گەورەی بە دەستهێنا و بە ئەنجامی (٤-ســـفر) گۆڵ لە هەڵبژاردەی سەنگافورەی بردەوە.

**ریزبەندی کۆمەڵەی یەکەم**

١- ئـــوردن ١٢ خاڵ، ٢- عێراق ١٢ خاڵ، ٣- چین ٦ خاڵ، ٤- سەنگافورە سفر خاڵ.

یارییەکانی جەولەی کۆتایی ٢٩-٢-٢٠١٢
عێراق – سەنگافورە، چین – ئوردن.

### کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکـــی بەهێز هەیە دوای ئەوەی ئەسپی رەشـــی ئەم پاڵاوتنە هەڵبژاردەی لوبنان لـــە ئەنجامە چاوەڕوانەکراوەکانی بەردەوام بوو توانی بۆ یەکـــەم جار لە مێژووی خۆیدا لە هەڵبژاردەی کۆریای باشوور بباتەوە بە ئەنجامی (٢-١) گـــۆڵ و هەڵبژاردەی کوێت چانســـی ســـەرکەوتنی بۆ قۆناغی کۆتایـــی نوێکردەوە دوای ئەوەی توانی ســـەرکەوتنێکی گرنگ بە دەستبهێنێت و لە هەڵبژاردەی ئیمارات بباتەوە بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ.

**ریزبەنـــدی ئـــەم کۆمەڵەیـــە بەمشێوەیە.**

١- کۆریای باشوور ١٠ خاڵ،
٢- لوبنـــان ١٠ خـــاڵ، ٣- کوەێت ٨ خاڵ، ٤- ئیمارات سفر خاڵ.

یارییەکانـــی جەولـــەی کۆتایی ٢٩-٢-٢٠١٢
کۆریای باشوور – کوەێت،
ئیمارات – لوبنان.








راپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

# ـــالاوتنی جامی جیهانی ٢٠١٤ له کیشوەری ئاسیا مسۆگەر کردووە

### کۆمەڵەی سێیەم

لـــەم کۆمەڵەیـــە هـــەردوو هەڵبـــژاردەی ئۆزباکستان و ژاپۆن بەفەرمی سەرکەوتنیان بـــۆ قۆناغی کۆتایـــی مســـۆگەر کرد، هەرچەندە لەم جەولەیـــە هەڵبژادەی ژاپۆن تووشـــی دۆڕان هات بەرانبەر هەڵبژاردەی کۆریای باکـــوور بە ئەنجامی (١-ســـفر) گۆڵ، بەڵام ئەمە کاریگەری لە ریزبەندی هەڵبـــژاردەکان نەکـــرد، لە لایەکـــی ترەوە هەڵبژاردەی ئۆزباکســـتان توانی سەرکەوتن بە دەســـت بهێنێت و بە ئەنجامی (٣-سفر) گۆڵ لە هەڵبژاردەی تاجیکستانی بردەوە.

**ریزبەنـــدی ئـــەم کۆمەڵەیـــە بەمشێوەیە.**

١- ئۆزباکســـتان ١٣ خـــاڵ، ٢- ژاپـــۆن ١٠ خاڵ، ٣- کۆریا باکوور ٦ خاڵ، ٤- تاجیکستان سفر خاڵ.

یارییەکانـــی جەولەی کۆتایی ٢٩-٢-٢٠١٢ تاجیکستان — کۆریای باکـــوور، ژاپـــۆن — ئۆزباکستان.

### کۆمەڵەی چوارەم

لەم کۆمەڵەی هەڵبژاردەی ئوســـترالیا توانی بلیتی یەکەم بۆ خۆی مسۆگەر بکات دوای ئەوەی توانی بە ئەنجامی (١-ســـفر) گۆڵ لە هەڵبژاردەی تایلانـــد بباتەوە، لە لایەکی ترەوە هەردوو هەڵبژاردەی ســـعودیە و عومان لە گرنکترین یارییەکانـــی ئەم کۆمەڵەیە بە بێ گۆڵ یەکســـانبوون، بـــەم ئەنجامە هەر سێ هەڵبژاردەی تایلاند و عومان و سعودیە رکابەری لەسەر بلیتی دووەم دەکەن.

**ریزبەندی کۆمەڵەی چوارەم**

١- ئوستralیا ١٢ خاڵ، ٢- سعودیە ٦ خاڵ، ٣- عومان ٥ خاڵ، ٤- تایلاند ٤ خاڵ.

یارییەکانی جەولەی کۆتایی ٢٩-٢-٢٠١٢ ئوستralیا — سعودیە، عومان — تایلاند.

### کۆمەڵەی پێنجەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئیران باڵادەســـتی خـــۆی راگەیانـــد دوای ئـــەوەی توانی لە دەرەوەی یاریگەی بە ئەنجامی (٤-١) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەندنووسیا بباتەوە و بەفەرمی ســـەرکەوێت بۆ قۆناغی کۆتایی، لە لایەکی ترەوە رکابەرییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی قەتـــەر و بەحرێن دوای ئەوەی رووبەرووی یەکتر بوونەوە و یارییەکەش بە بێ گۆڵ بۆ هەردوو لا تەواو بوو.

**ریزبەندی کۆمەڵەی پێنجەم**

١- ئیـــران ١١ خـــاڵ، ٢- قەتەر ٩ خاڵ، ٣- بەحرێن ٦ خاڵ، ٤- ئەندنووسیا سفر خاڵ.

یارییەکانی جەولەی کۆتایی ٢٩-٢-٢٠١٢ ئیران — قەتەر، بەحرێن — ئەندنووسیا.






